# سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی عەلی سیستانی دەکات



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی عەلی سیستانی کرد، دوای ئەوەی دوێنێ هاوژینەکەی کۆچی دواییکرد.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامەکەی لە ئێکس بڵاوکردووەتەوە و دەڵێت، "بەوپەڕی خەم و پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوسەری بەڕێزی مەرجەعی باڵای ئایینی، ئایەتوڵڵا عوزما سەید عەلی سیستانی-مان پێگەیشت".

نێچیرڤان بارزانی، سەرەخۆشی و هاوخەمی لە عەلی سیستانی و بنەماڵەکەی کردووە و دەڵێت: "لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەرفراوانترین ڕەحمەت و لێخۆشبوونی خۆی شاد بکات و جێگەی بەهەشت بێت و سەبووری و ئارامی بە دڵی هەموو کەسوکار و ئازیزانی ببەخشێت"